
# که قەڵەم ماندووبوو شکۆی ڕابوردووت مەشکێنە

ئازاد عەبدولواحید



* داهێنان و لێ زیادکردن و پرۆسەی نووسین، پاشخانی ڕۆشنبیری و مەعریفی قووڵی دەوێ، کاتێ شاعیرێک، داهێنێک، نووسەرێک، هەستی کرد قەڵەمەکەی ماندوو بووە و ناتوانێ لەوەی نووسیویەتی، باشتر و جوانتر بنووسێ، ئیدی قەڵەمەکەی دادەنێ و چیتر نانووسێ. قەڵەم بە دەستی هۆشیار، باشتر دەزانێ ئەوەی دەینووسێ، پێشتر نووسیویەتی و گوتوویەتی، لەو کاتەدا ئەو پاشخان و هۆشیارییە قووڵە، زات و بوێری ئەوەی دەداتێ قەڵەمەکەی دابنێ و چیتر نەنووسێ. ئەو جۆرە نووسەرانە زۆر کەمن کە دەگەنە ئەو بڕیارە و پێ بە جەرگی خۆیاندا دەنێن و دەوەستن، ئەوانە چاک لەوە تێگەییون هەرچی دەنووسن، هیچ لێ زیادکردنێک ناخاتە سەر خەرمانی بەرهەمەکانی پێشوویان، بگرە ئەوەی لەمەولا دەینووسن، لە ڕەونەق و بەها و ئەفسوونی نووسینەکانی پێشتریان کەم دەکاتەوە و دەهێنێتە خوارێ.

* لەناو ئەدەبیاتی جیهاندا خوێندوومانەتەوە، زۆر شاعیر و نووسەر هەبوون، لە ترۆپکی داهێناندا بوون، دەستیان لە شیعر و نووسین هەڵگرتووە و بە بێدەنگی کشاونەتە دواوە، کە بە ئەسپایی چوونەتە دواوە، نە هیچیان وتووە و نە هەرایەکیان ناوەتەوە. مەرجیش نییە هەر کەسێک کشایە دواوە و و بەرهەمی نوێی نەبوو، ئیتر هەگبەکەی بەتاڵ بووبێ، چونکە بۆ قەڵەم دانان و دەستهەڵگرتن لە نووسین و بێ بەرهەمی، زۆر هۆکار هەن، هەیانە لە ژیانیاندا لە پڕ تووشی (هێدمە — صدمة)یەک دەبن، ئەوجا بەهۆی لە دەستدانی ئازیز و خۆشەویستێکیانەوە، یان بەهۆی سەختیی ژیان و بژێوی، یان نەخۆشیی قورس، یان شڵەژانی دەروونی و تێکچوونی باری کۆمەڵایەتی کەسەکەوە بێ، ئەو کشانەوەیە ڕوو دەدات.

* حسەین عارف یەکێک لەو نووسەرانە بوو، پێش ئەوەی بڕیاری قەڵەم دانان بدات، کەوتە کۆکردنەوەی سەرجەمی بەرهەمەکانی و لە چەند بەرگێکدا پۆلێنی کردن و بە چاپی گەیاندن. ئەو لەو ڕۆژەوە کە زانی چاوەکانی کز بوون و چیتر ناتوانێ وەک جاران بخوێنێتەوە و بنووسێ، ئیدی لە نووسین وەستا. ئەو بڕیارە ئازایانەیە، بڕیارێکی زۆر هۆشمەندانە بوو، چونکە ویستی بە هۆشیارییەکی گەورەوە سیحر و جوانیی بەرهەمەکانی، لە یادەوەری و زیهنی خوێنەرەکانیدا کاڵ نەکاتەوە. لەوانەیە زۆری دیکەی بۆ وتن پێ بووبێ، بەڵام بڕیاری دا چیتر وتراوەکان کاڵ نەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی نووسەری هۆشیار یەکەمین ڕەخنەگری خۆیەتی، لە هەموو کەس باشتر دەزانێ لێ زیادکردن و چتی نوێی پێ ماوە، یان نەماوە، بۆیە لەلای من کشانەوە و بێدەنگییەکەی، بووەتە بەشێکی گرنگی درەوشانەوەی کەسایەتی خۆی و ڕەونەقی داهێنانەکانی.

* ئەو بێدەنگبوونەی حسەین عارف-م چەند بەلاوە جوان و گرنگە، ئەوەندەش بڕیارێکی بوێرانە و لەجێی خۆیدا بوو، بێدەنگبوونی لە ئاست بەرهەمەکانیشی جوانتری کرد، چونکە زۆر کەم لە بارەیانەوە لێدوانی دەدا و قسەی دەکرد. ئەو بێدەنگبوونە چەند بۆ نووسەران پێویستە، زۆر لەوە زیاتر بۆ شاعیران گرنگتر و پێویستترە، ئەو شاعیرانەی ساڵانێکی زۆر لەناو خوێندنەوە و ئەزموونی قاڵ بوونەتەوە، دەبێ بگەنە ئەو قەناعەتە کە بێدەنگبوونیان، لە نووسین و بەردەوامی باشترە، بەمەش جوانی و ڕێز و شکۆیەکی زیاتر بە دەقەکانی پێشتری خۆیان دەدەن. چەند جوان بوو ڕامبۆ لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا دەستی بە شیعرنووسین کرد و لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا وازی لە شیعرنووسین هێنا، بەڵام لە ماوەی ئەو (٣) ساڵەدا، هەموو شیعری ئەورووپای هەڵتەکاند و نوێی کردەوە.

* ئەو کشانەوە و دەستهەڵگرتن و بێدەنگییە، تەنیا بۆ بواری شیعر و نووسین نییە، بگرە بۆ بوارەکانی دیکەش گونجاو و پێویستە، لەوانە بواری وەرزش. ئەو ساڵە لە هەڵبژاردەی بەڕازیل یاریزانێک ناوی سوکرات بوو، ئەو کاتەی بڕیاری وازهێنانی دا، لە لووتکەی بەخششی خۆیدا بوو، بۆیە زۆر کەس لەبارەیەوە نووسییان، هەندێ بە خراپ و هەندێ بە هەنگاوێکی باشیان دانا، لەبیرمە لە یەکێک لەو نووسینانەدا نووسەرێک بۆی نووسیبوو (سوکرات)ی یاریزان سوودی لە حیکمەت و دانایی (سوکرات)ی فەیلەسووف وەرگرتووە، بۆیە حەکیمانە ئەو بڕیارەی داوە.